

*** هونەرمەندی سەرکەوتوو کێیە؟**

- یەك خاڵی زۆر گرنگ هەیە بۆ دەستنیشانکردنی هونەرمەندی سەرکەوتوو، ئەویش راستگۆییە لەوکاتەی دەیەوێ داهێنان بکات، کۆشش کردنە لەپێناو خۆ ئامادەکردن بۆ هەنگاونان بەرەو سەرکەوتوویی لەپێناوی بنیادنان. هونەرمەند کاتێك بیەوێ پێکهاتەیەکی خامەی یان لە دیمەنێکی سینەمایی یان تەلەفزیۆنیدا سەرکەوتوو بێ، دەبێ راستگۆ بێ لەگەڵ خۆی لەگەڵ کارەکتەرەکەی یان ئەو دیمەنەی یان ئەو رووداوەی سیناریۆکە بۆی نووسراوەتەوە. سەبارەت بە سیناریۆی سەرکەوتوو، ئەکتەری سەرکەوتوو دروست دەکات هونەرمەندێك کە بیەوێ بەردەوام لەکارە هونەرییە کوردییەکان کاربکات، هەمیشە بەردەوام سیناریۆی باش دەخوێنێتەوەو گرێبەست لەگەڵ ئەو لایەنە بەرهەمهێنەرە دەکات کە سیناریۆی چاکی داوەتێ، چونکە چەندە سیناریۆکە جوان بێت و کارەکتەرەکانی سەرەکیی بن و جوانی دارِشتبێ، ئەکتەریش بەرامبەر ئەم کارەکتەرە دەتوانێ هەموو لایەنەکانی کارەکتەرەکە بدۆزێتەوە، هەموو رەهەندەکانی کارەکتەرەکە چ لەرووی کۆمەڵایەتی و جەستەی و فیکری هەبێت بیدۆزێتەوە، دەتوانێت ئەو کارەکتەرە بەرجەستە بکات، ئەو کارە پێشکەش بەبینەر بکات لەسەر تەختەی شانۆ بۆ بینەری شانۆ لە دراما و فیلمی تەلەفزیۆنی بۆ بینەری تەلەفزیۆن.

*** رۆڵەکانت زیاتر جددییەتیان پێوە دیارە، دەتوانی رۆڵی کۆمیدیش بەهەمان ئاست بنوێنی؟**

- ئەوەی ئێستا لەکوردستان بەتایبەتی لەسلێمانی بەناو شانۆی کۆمیدییەوە پێشکەش دەکرێ، شانۆی کۆمیدی نین. شانۆیەکن بۆ بازرگانی کردن، جا ئەگەر مەبەستت کۆمیدییە ئەو جۆرە کارەکتەرانە بن یان ئەو شێوە نواندنەبێ، نەخێر ناتوانم ئەوە بکەم، بەڵام نواندنی کۆمیدی بێت وەك شانۆی کۆمیدی کە باوە لە سەرتاسەری دنیا بەتایبەتی لەسەردەمی گریکەکان تا دەگاتە ئەمرۆ، دەتوانم بڵێم بەڵێ، دەتوانم بەشداری بکەم لە کارەکتەرێکی کۆمیدی ئەگەر وەك کارەکتەرێکی تراژیدی سەرکەوتوو نەبم، بەڵام خراپ نابم، چونکە نواندنی کۆمیدی ئەوە نییە کە بەردەوام خەڵك بێنیتە پێکەنین، چونکە کۆمیدیا لەناو خۆیا دنیایەك خەم و تراژیدیاو مەرگەساتی هەڵگرتووە، لەبەر ئەوە کاری کۆمیدی کارێکی زۆر قورسترە لە کاری تراژیدی.

***بۆچی نەبوویت بە دەرهێنەر؟**

- لەکۆتایی شەستەکان ئارەزووی زیاتری نواندنم هەبوو، لەگەڵ ئەوەش سەرگوزشتەی زۆرم هەیە. وەك بنەماڵە کەمدەرامەت بووم نەمتوانیوە رۆژانی هەینی ئەو پارەیەم دەسکەوێ بچم بۆ سینەما سەیری فیلم کەم، تا ئەم ساتەش ئارەزووم نەبووە بۆ کاری دەرهێنان کارێکی قورسە. کارێکە ئەبێ نەك هەر خۆت تەرخانکەی بۆ لایەك لەلایەنەکانی بەرهەمهێنان کە دەرهێنانە، ناتوانم ئەو لایەنانە هەمووی بگرم کە پێوەندی بە دەرهێنانەوە هەیە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە توانای یەك لایەنم هەیە کۆنترۆڵی بکەم. ئەویش ئەکتەرییە ئەمە سەردەمی پسپۆرییە، یان ئەوەتا ببی بە ئەکتەرێکی باش، هەموو تواناو رۆحیەتی خۆتی بۆ تەرخان بکەی لە بەرجەستەکردنی کارەکتەرێك لەکارە درامییەکان یان تووشی گرفت و سەرنەکەوتن دەبێ لە بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری.

*** تۆ رۆڵی جوامێر ئاغات بینی لە فیلمی ژاڵە لەهەمان کاتدا هەندێك رۆڵی جیاوازترت بینی لەرووی کۆمەڵایەتییەوە وەك نادری موهەندیس لە خۆرنەوەزان، چۆن توانیوتە خۆت بگونجێنی لەنێوان کورە ئاغایەك و پیاوێك کە هەموو هەوڵی ئەوەیە منداڵەکانی لە خوێندن و ئەم سەردەمەی ئێستا دانەبڕێن؟**

- لەساڵی 1985 کە بەشداریم کرد لە فیلمی ژاڵە و رۆڵی جوامێر ئاغام بینی بە سەرکەوتوویش بەپێی ئەو هەموو نووسین و لێدوانانەی کە ئەو کات دەربارەی کرا، بە بەراورد لەگەڵ رۆڵی نادری موهەندیس کە خەمخۆری پێگەیاندنی رۆڵەکانی بوو زیاتر لە رۆڵەکانی تر هەموو ئەمانە بەمەبەستی ئەوەی کە بتوانێت جارێکی تر و سەر لەنوێ بە بەرگێکی تر ژیان بەرێتە سەر ئەم کارەکتەرانە بۆ ئەکتەری راستگۆ زۆر گرنگە بۆ ئەوەی تووشی یەك شێواز نەبێ ئەو بەراوردەی یان ئەو توانایە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتوویی و راستگۆی ئەکتەر لەو کارەکتەرەی بۆی دەستنیشان دەکرێت.

من کە رۆڵی کورە ئاغایەك دەبینم خۆ دەبێت لە درامایەکی تردا رۆڵی سواڵکەرێك ببینم ئێمە کارەکتەری چین و توێژەکانی کۆمەڵگەین ئەکتەری سەرکەوتوو ئەو ئەکتەرەیە کە بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بێ، ئەگەر هاتوو ئەکتەرێك بەردەوام بە یەك شێواز کاری نواندن ئەنجامبدات

# عەلی کەریم: پیری بە شێوەیەکی گشتی مەرگەساتە

***دانیشتن لەگەڵ پیاوێکی خۆشەویستی وەك عەلی کەریم، تاموچێژێکی تایبەتی هەبوو،پیاوێك کە بەقەد گەورەیی دنیا لە خۆیی و کارەکتەری خۆی رازیەو پێیوایە مرۆڤ دەبێت لەخۆیدا خۆیی ببینێتەوە. پیاوێك کە تا ئێستاش پیربوونی خۆی لە گەنجێتیدا دەبینێتەوە و بڕوای وایە قەت پیر نابێت. عەلی کەریم لەدایکبووی شاری کەرکوکی خۆشەویستەو لەپاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول راگوێزراون و لە کەرکوك گوازراونەتەوە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانی، هەر لەوێش دەستیکردووە بەکاری هونەری. لەکۆتایی حەفتاکانەوە لەزۆربەی گۆڤار و رۆژنامە عەرەبی و کوردییەکان نووسینەکانی بڵاوکردۆتەوە و خاوەنی چەندین کتێبی تایبەت بە بواری شانۆ و ئەزموونەکانی شانۆی کوردییە. خاوەنی دوو کچی جوانە بەناوەکانی تاڤ و ڤان و ئێستاش هەر لە سلێمانی ژیان بەسەر دەبات. گۆڤاری گوڵان لە شاری سلێمانی هونەرمەند عەلی کەریمی بەسەر کردەوە و ئەم دیمانەیەی لەگەڵیدا ساز کرد.***

***دیمانە/ ژینۆ عەلی***

تووشی شکست دەبێت لە کارەکەیدا.

*** زۆر لەو کارانەی تۆ رۆڵیان تێدا دەبینی رۆڵی پیاوێکی خاوەن بڕوانامە و خانەدانە، زۆر بە ئاسایی باس لە خواردنەوە و سەرخۆشی دەکات، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە گرفتی بۆ دروست نەکردی؟**

- هەندێك دیمەن هەیە لە درامادا پێویستی بە خواردنەوە و مەستی ئەکتەر هەیە،کارەکتەرێك ئارەزووی دزینی هەیە،یان ماڵ بڕین ئەو هەموو شێوازانەی ژیان شێواز گەلێکن لە هەموو نەتەوەیەك هەیە، نە یەکەم کەسم لە بەردەم کامێرامەی بخۆمەوە نە دوا کەسیش دەبم نە یەکەم کەسم لە ژیانمدا بخۆمەوە و نە دوا کەسیش دەبم. ئەمە بەشێکە لە پێویستییەکانی ژیان و بەشێکە لە رەوشت و نەریتەکانی ژیانی هەموو میللەتان و هەموو مرۆڤایەتی. جا هەست ناکەم لە زنجیرە درامایەکی 30 ئەڵقەیی ئەگەر لە دیمەنێکدا یان چەند دیمەنێکدا مەیم خواردبێتەوە بۆم بووبێتە مایەی کێشە یان گرفت لەلایەن خەڵکی دەوروبەرەوە یان لە سەر شۆستەو شەقامەکان ئەوەندەی کە من تێبینیم کردووە بەبەردەوام لەو کارانەی کە من کردوومن یان ئەو کارەکتەرانەی کە من بینیومن هەستم بەوە کردووە کە بینەر زیاد لە پێویست خۆشیان ویستووم. تا ئێستاش هەست بەو خۆشەویستییە دەکەم لەلایەن بینەرەکانمەوە.

*** بۆچی حەز دەکەی لە خانەوادەکەتان تەنیا تۆ دەربکەوی؟**

-ئەگەر ئەندامانی بنەماڵەکەم بیانەوێ ببن بە ئەکتەر حەقی خۆیانە، بەڵام ئەگەر بیانەوێ لاسایی من بکەنەوە یان کە من دەبینن کە جێی سەرنجی خەڵکم، دەیانەوێ وەك من بن. منیش حەزم کردووە کە تەنیا من دەرکەوم و هەبم.

لە ژیانمدا بڕوام بە پسپۆری هەیە، بە مافی خۆمی دەزانم تەنیا خۆم ببم بە ئەکتەر، چونکە لە هەموو تەمەنمدا جگە لە ئەکتەری و خوێندنەوەی نواندنی ئەکتەری لەهیچ بوارێکی تردا خۆم سەرقاڵ نەکردووە، بۆیە پێمخۆشە تەنیا خۆم بم.

*** تۆ هەمیشە هاوڕێی مێینەت هەیە، تۆ بڵێی هۆکاری ئەم هاوڕێیەتییە بەردەوامە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-ژیان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێکهاتووە لە نێرینەو مێینە، هەموو بونەوەرەکانی خودا هەر لە ئاژەڵەوە تا ژیانی مرۆڤایەتی پێکهاتووە لە نێرینەو مێینە، وەك سرووشتی خۆم حەزم لە دانیشتن و هاوڕێیەتی رەگەزی مێینەیە، چونکە کەمتر کێشەت بۆ دروست دەکات وەك لە نێرینە، بە ئەزموونەوە دەیسەلمێنم ئەو هاوڕێیەتیەی لەگەڵ مێینەدا هەم بووە ئەگەر بۆ ساتە وەختێکیش کێشەیان بۆ دروست کردبێتم، ئەو کێشەی ئەوان یان ئەو جۆرە خەمەی ئەوان بۆیان دروست کردبێتم جۆرێك لە خۆشحاڵی تێدایە. بەڵام لەگەڵ پیاوەکان ئەگەر تووشی کێشەیەك یان گرفتێك هاتبم لەئەنجامی رکەبەرایەتیەك بووە نەك لەوەوە منیش بووم بۆ ئەوەی بەردەوام لە ناخەوە ئارام بم حەزم لە هاوڕێیەتی مێینەیە. سەد لەسەد عەشق بە مێینە دەبەستمەوە.

*** بیستوومانە زۆر گرنگی بە تەندروستی خۆت دەدەی و حەزیش لە ئۆتۆمبێل ناکەی بۆچی؟**

- ئەکتەر بۆ ئەوەی بتوانێت پێکهاتە شانۆییەکانی سەر شانۆ بە بەردەوام پڕبکاتەوە و بیخاتە جووڵەوە پێویستە زۆر ئاگای لە تەندروستی خۆی بێت، ئەکتەری شانۆیی پێویستی بە دەنگێکی زووڵاڵ هەیە. دەنگێگی خۆشی هەبێت گوێ بێزار نەکات جەستەیەکی جوانی هەبێت قەڵەو پڕ نەبێت جەستەیەك بێت بزێو بێت بەردەوام لە جووڵەدا بێت.

ئەمانە وایلێکردووم گرنگی بە تەندروستی خۆم بدەم، هەرچەندە ئێستا لەو گرنگی دانەم بە جەستەم کەم بۆتەوەو تەمەڵیم تێدا کردووە، من کە لەشارێکدا دەژیم دەتوانم ئەمسەر و ئەوسەری پێبکەم بەپێ پێویستیم بە ئۆتۆمبێل بۆچی بێ.

*** لەپیری ناترسی؟**

- پێموانیە کەسێك هەبێت لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دا لەمردن نەترسێ یان لە قۆناغی پێش مردنیش کەپیرییە، پیری لە گەنجێتی ئەهوەنترە، چونکە هەندێك پیری هەیە لەبەرئەوەی بە بەردەوام بەرهەمت هەیە دەجولێیت و کاردەکەیت، شتت هەیە پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەی من ئەو جۆرە پیرییە بە پیری گەنجێتی دەدەمە قەڵەم، پیرییە لەناو گەنجێتی داو گەنجێتیە لەناو پیریدا، لەکۆتاییدا پیری بە شێوەیەکی گشتی مەرگەساتە.

*** کاری داهاتووت چییە؟**

کاریی تازەم بەشداری کردنمە لە زنجیرە درامای گەردەلوول. ئەڵبەت بەرهەمی تریش هەیە کە دەتوانم بەشداربم تێیدا، بەڵام قسەی لەبارەوە نەکراوە.

## (ئەرسەلان دەروێش):

# شانۆ لای من ناسنامەیە!

**• دەرهێنەری ناسراو (ئەرسەلان دەروێش ) یەکێکە لەدیارترین هونەرمەندەکانی کوردستان لە بواری شانۆ و درامای کوردیدا،ئەو وێڕای ئەزموونی زیادلە(٣٠) ساڵ وپێشکەشکردنی زیاترلە (٥٠) بەرهەمی هونەریی لەناوەوەودەرەوەی وڵات،چەندین پۆستی هونەریی و ئیداریی بەسەرکەوتوویی بەڕێوەبردووە،، گۆڤاری (گوڵان) لەمیانەی چەند پرسیارێکی پەیوەست بە بینراوە شانۆییەکەی ئەمڕۆی کوردستان و کارو بەرهەمە تازەکانی خۆی وتیپە بەخشندارەکەی،ئەم دیدارە کورتەی لەگەڵ سازدا،**



**• بە بۆچوونی ئێوە هەردوو جەمسەری هاوکێشەی لاوازی شانۆ(حکومەت) و(شانۆکار) وەك یەك بەرپرسیارێتییان بەردەکەوێت؟**

ئەرسەلان دەروێش : بێگومان نەخێر ! حکومەت پشکی گەورەو گرنکی ئەو بەرپرسیارێتییەی لە ئەستۆدایە، بەڵام من دەمەوێت ئەو راستیەش رۆشنبکەمەوە کە شانۆکارانیش رۆڵێکی گەورەیان هەیە لەم پاشەکشێیەی کە بۆتە رواڵەتی شانۆکەیان، (هونەری شانۆ ) پەیوەست و هاوتەریبە لەگەڵ رەوشی ژیارییدا، پێشکەوتن وگەشەکردنی ئەم هونەرەو بایەخ وەرگرتنی لەژیانی مرڤدا،جمکی پێشکەوتنی رەوشی ئازادی وپێشکەوتنی ئابووری ورامیاری وکۆمەڵایەتی بووە، هیچ کاتێك شانۆیەکی درەوشاوەمان لەوڵاتێکی دواکەوتوودا بەدی نەکردووە، کەواتا شانۆ بەرجەستەی شارو شارستانییە، ئێمەش کە شانازی بە ئەزموونی کوردستانەوە دەکەین و هەمووئەو پێشکەوتنانە رەچاوەگرین کە رۆژانە لەبونیادنان وئاوەدانکردنەوەوی وڵاتەکمان لەئارادایە، جێگای رامان و سەرنجمانە کە کایەکەی ئێمەی شانۆکاران هێندە بێناز و فەرامۆشکراوە، جا بۆئەوەی وردتربم مەبەستم ئەوە نییە کەحکومەت بودجەو ئیمکانیەتی بۆ تەرخاننەکردووە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە چاوی لەئاست ئەو بێسەروبەری و بێپلانی و نەشارەزاییە پۆشیوە کە کاروباری ئەم ناوەندەی پێ بەڕێدەکرێت، بۆچی؟ئاخر بۆ دەبێت یەکێك لەبوارە هەرە ژیاریی وپرسەروەرییەکانی گەلەکەمان کە مێژوویەکی جوان وپرشنگدارو دەیان ناوی گەورەو کاری گەورەی پێشکەش بە بزاڤی ئازادیخوازو هونەری نەتەوەکەمان کردووە و لەکاتی جینۆساید و هەوڵی دووژمن بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی مرۆڤی کورد، ئەو لەمەیدان بووەو لەخەبات و رکابەرێتیدا بووە، بۆ دەبێت ئەم کایە گرنگە، ئەم رووە شارستانییە پڕبایەخە،ئاوا بێسەرو بەر بمێنێتەوە و هەر دڵسۆزێکیش بەقسە یان بەکردەوە هەنگاو بۆ برەوپێدان وداکۆکی لێ کردنی بنێت هەوڵەکانی ئابلۆقە بدرێت و وەلاوەبنرێت؟!

**• دوای ئەوەی لەمانگی شوباتی رابردوودا، شانۆی کوردیتان گەیاندە شانۆیەکی نیشتمانی رۆژئاوایی و لە(نۆ) شاری وڵاتی سوێد بەمیوانداریی (شانۆی نیشتمانی سوێد_ ریکستیاتر) و مۆنۆدرامای (پاسەوان)تان پێشکەشکرد، کەبووە رووداوێکی هونەریی گەورە، ئێستا سەرقاڵی چین وچ بەرهەمێکی نوێتان بەدەستەوەیە؟**

ئەرسەلان دەروێش : لە بواری شانۆدا، دوای تەواوکردنی قوناغی نووسینی سیناریۆی ئەدەبی، ئێستا چاوەڕوانی دابین کردنی بودجە دەکەین بۆ پێشکەشکردنی شانۆیی شیعرئامێزی (بێکەس)، کە لەمیانەی ژیانی ئەم شاعیرە ناودارەوە و بەستایلێ

سۆران مارف

شـانۆی موزیکی، بەشـێك لە سـەرەوەرییەکانی شاری سلێمانی تیابەرجەستەدەکرێت، ئومێد دەکەم بەرهەمێکی دانسقە و سەرکەوتوویێت، بەتایبەتی کە لەلایەن مامۆستای هونەرمەند (ئەحمەد سالار)ەوە نووسراوە و موزیسـیانی بەتوانا (غەمگین فەرەج) ئاوازەکانی بۆ دادەنێت وسـتافێکی یەکجار گەورە لەهونەرمەندانی شاری سلێمانی بەشداری تیادەکەن بەتایبەتی لەتیپی شانۆی سالار، رەنگەبۆ یەکەمین جاربێت بەو ئاستە و بەو دەستەجەمعییە هونەرمەندانی شانۆوسـەماو موزیـك و توخمەهونەرییەکانی تر پێکەوە لەکارێکی شانۆیی کوردیدا بەشداریی بکەن کەژمارەیان رێك (130) بەشداردەبێت .

لەبواری درامای تەلەفزیۆنیشدا بەردەوامم لەگەڵ نووسەرو هونەرمەندی هەڵکەوتوو (دڵشاد مستەفا) لە نووسـینی سیناریۆ بۆ ئەودراما تەلەفزیۆنییەی کـە هەر سـەبارەت بە سـەروەرییەکانی شـاری سلێمانییە و کۆمەڵە خەسڵەت و ئاکارو هەڵوێستێکی خەڵکی ئەم شارە لەمیانی داستانێکی ئەویندارییەوە پیشـان دەدات، هەروەها پێکەوە سەرقاڵی فیلمێکی بەڵگەنامەیین سـەبارەت بە رۆڵی پرشنگداری ئەو شـانۆکارانەی لە نەبوونـی خانمەئەکتەردا رۆڵی ئافرەتیان لەشـانۆو درامـای کوردیـدا گێڕاوە، بیرۆکـەو دەرهێنانی ئەم فیلمە لەلایـەن منەوەیە و کاك (دڵشـاد) تێکسـتەکەی دەنووسێت، بڕیارە بەهاوکاریی (بەڕێوەبەرێتی راگەیاندی سلێمانی ) ئەنجام بدرێت.

**• یەکێك لە پێشـنیازە جوانەکانتان کە ئەمساڵ لە ئاهەنگی رۆژی جیهانیی شانۆدا لەشاری سلێمانی پیادەکـرا، زیندووکردنەوەی (خەڵاتـی بابان )بوو، ئایـا نیاز هەیە ئەم خەڵاتە بـەردەوام بێت؟ و بەچ پێوەرێك لەساڵی داهاتوودا پێشکەش بەشانۆکارانی کوردستان دەکرێت؟**

ئەرسەلان دەروێش : لەراسـتیدا ستایشەکە دەبێت ئاراسـتەی وەزارەتـی رۆشـنبیریی بکرێـت کە بەدەنگ ئەم پێشـنیازەوە هات،بەتایبەتی لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشـتی رۆشـنبیریی وهونەریی شـاری سـلێمانی، بێگومان ئەرکی بەردەوامیدان بەو خەڵاتەش هەر لەئەسـتۆی ئەواندایە بەتایبەتی کـە بەڕێز وەزیـری رۆشـنبیریی لـە وتەکەیدا پەیمانـی دا کە ئەم خەڵاتە شـانۆکارانی گشـت دەڤەرەکانی کوردستان بگرێتەو، ئومێد دەکەم کەوەك پێشـنیازم کردبوو لیژنەیەکیـان دانابێت بۆ بینین وهەڵسەنگاندنی نمایشـەکانی ئەم ساڵەو بەپێوەرو نرخاندنێکی هونەریی ئەوتۆوە، بەخششی شانۆکاران لەچوارچێوەی خویاندا دابنێن و خەڵاتەکە لە ساڵی داهاتوودا بەردەوامبێت.

**• ماوەیەك پێش ئێسـتا لەگەڵ دەسـتەبژێرێك لە شـانۆکارە ناودارەکانی شاری سـلێمانی سەرقاڵی دامەزراندنـی رێکخراوێکـی هونەریـی بـوون بەناونیشانی (ماڵی شانۆکاری کورد) ئەم پرۆژەیە بـە چی گەیشـت ؟ ئایـا راسـتە (رێکخراوی هونەرمەندانی کوردسـتان) نارازییە لە دامەزراندنی ئەم ماڵە شـانۆییە، لەکاتێکدا کـە خۆی نوقمی پەشێوی و دووبەرەکی بووە؟**

ئەرسـەلان دەروێـش : (ماڵی شـانۆکاری کورد) فیدراسـیۆنێکی کۆمەڵەوتیپەشـانۆییەکان وشـانۆکارانی شاری سـلێمانییە، دەرگای واڵایە بۆ هەمووشـانۆکارێکی کوردستان کە مەرجەکانی ئەندامێـت بە پێـی پەیڕەوی ناوخـۆی ئەم ماڵە شانۆییە تێدابێت، ئێمە ئێستا چاوەڕوانی رەزامەندیی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان دەکەیـن کە لـە لایەن پارێـزگای سـلێمانییەوە داواکاریی وپێشینەکانیان ئاراستەکراوە، ئەم رێکخراوە پیشـەیی نییە هونەرییە و هیچ دژەبەرکەوتنێکی لەگەڵ رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستاندا نییە، ئێمـە ئومێد دەخوازین کە بـە پەلە ناکۆکییەکانیان چارەسـەربکەن و ئەرکـی خۆیـان بەجێبهێنن بۆ بەسـتنی کۆنگرەی هونەرمەندانی کوردسـتان کە ماوەیەکـی زۆری بەسـەرداتێپەڕیوە، لەڕاسـتیدا هونەرمەندانی کوردستان شایستەی سەندیکایەکی گەلێك کاراو بەتوانان بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانیان وقـەدر راگرتنی تواناکانیان، بەتایبەتی کە هەردوو رێکخراوی پێشوو(یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان)رۆڵی دیاریان هەبووە لە دابین کردنی کۆمەڵێك دەستکەوتی ماددی ومەعنەوی بۆ هونەرمەندان، هەق وابوو درێژەیان بەو رەوتەبدایە لە نێو رێکخراوی هونەرمەنداندا، ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین و چاوەڕوانین لەبری ئەم هەموو لێدوان وبەیانامـە دژ بەیەکە لەمیدیاکاندا، بگەڕێنـەوە بارەگاکانیان و سـەرقاڵی ئەرکەکەی خۆیانبن لە دوا ئامادەکارییەکانی کۆنگرە.

سـەبارەت بەخـۆم بڕیـارم داوە هەمووکاتەکەم بۆ ئەنجامدانی کاری هونەریی بێت، لەڕاستیدا کاری ئەو بەڕێزانە ئاسـان نییەوکاتی زۆری دەوێت، خوا فرسـەتی ئەوانە بدات کەدەبنە نوێنەرو داکۆکیکار لە و (هـەزاران) هونەرمەندەی لـە رێکخراوەکەدا ئەندامن، چونکە ئەرکێکی گەورەیە،بەڵام بێگومان ئاواتمە دەسـتەیەکی نوێ ئەو متمانەیە وەربگرن و بە نەفەسـێك وپەیڕەوپلانێکی نوێی بەرهەمدارترەوە کار بـۆ هونەرمەندان بکەن، بێگومان سـەرەڕای ئەوکەموکورپیانـەش کـە خـۆدی ئەندامانـی ئەنجوومەنی باڵای ئێسـتا وهونەرمەندان بەگشتی باسـی لێوە دەکەن، من برِوام وایە هەرکەسێك کات و هـزرو توانای خۆی لە پێنـاوی خزمەتکردن بە هونەرمەندانـی کوردسـتان بەکارهێنابێت جێگای تەقدیر وستایشە .

**• وێـڕای کارکردنت لەنێـو زیاتر لە (10) دەقی شـانۆیی مامۆسـتا (ئەحمەد سـالار)دا،کە لە خـودی خۆی زیاتر وەك دەرهێنەرێك کارت لە دەقە شانۆییەکانی کردووە، چەند دەقێکی (دڵشاد مستەفا و بەختیارعەلـی و بەڕێـز مەجید و هۆشـەنگی وەزیری) ت نمایشکردووە، ئەم بابەخدانە بەتێکستی**



**کوردی و بـە بەرفراوانی پانتایی جەماوەرەکەت لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

ئەرسەلان دەروێش: شـانۆ لەلای من ناسنامەیە، شانۆ دەبێت پرسـیارەکانی ئێمە لەم سەردەمەو لەم وڵاتەدا بەرجەستەبکات،بەبڕوای من ئەم پرۆسەیەش لەمیانەی خامەکانی خۆمانەوە زیاتربەئاکام دەگات، بەتایبەتی کە هێشـتا ئێمە پرسـە نەتەوەییەکەمان خەباتی دەوێت، دیارە مەبەسـتم ئەونییە کە پشـت لە دەقی بیانی بکەین وتەنها بەندی تێکسـتەکانی خۆمانبین، نەخێر ئێمە بەشێکین لە جیهان و ئازارو کێشەو پرسـەکانی ژیانمان دەسەتەملانێی هەست و هزری مرۆڤایەتییە و هەرگیز لەو رەوتەدانەبڕاوین، بەڵام مافی خۆمانـە روبەڕووی خۆمان ببینەوە و خۆمان بناسین،پێش ئەوەی لەمیانەی ئەوانی ترەوە گوزارشـت لەخۆمان بکەین . بۆیە لەگەڵ ئەوەی (ئۆدیب) ی سـۆفۆکلیس و، (ماڵی برناردا ئەلبا) ی (لۆرکا) و( بازنەی تەباشیری قەوقازی ) برێخت و،(گوێبگرە ئـەی عەبدولسەمیع)ی(بەرشـید) وچەندین تێکستی دیکەی بیانی، بەئەرکی لەپێشترم زانیوە دەقەکانی ئەو نووسەروشانۆکارکوردانەنمایش بکەم کە ناوتهێنـان، چونکە بەرهەمەکانیان زادەی ئەم کۆمەڵگایەو پرسـەکانیەتی . کۆمەڵگایەك کە لەیەك شارو دەڤەر پێکنەهاتووە.



## مونا زەکی:
# جورئەتی سومەییا خەشابم نییە

خانمە ئەکتەری میسری مونا زەکی دانی بەوەنا کە زۆر شەرم دەکات رۆڵێك بنوێنێت کە وروژاندن و ئیغرای تێدا بێت و ئەمەشی بە یەکێك لە کەموکورییەکانی ژیانی هونەری خۆی زانی.
مونا لە هەمان کاتدا دانی بەوە نا جورئەتی سومەییا خەشاب و غادە عەبدولرەزاقی نییە بۆ نواندنی ئەم جۆرە رۆڵانە، مونا هەروەها وتی بۆخۆم چوارچێوەیەکی تایبەتم داناوە کە ئێستا پێی ناسراوم لەلایەن سینەماکارانی میسرییەوە، ئەویش ئەوەیە کە رۆڵێکی جورئەت و روژاندنی زیاد لە پێویستی تێدا بێت ئامادە نیم بەشداری تێدا بکەم یان بیگێرم، ئەمەش تایبەتمەندییەك نییە لە کەسایەتی هونەری مندا هەبێت، بەڵکو زیاتر کەموکورییە بەتایبەتی ئێستا کە ئەم جۆرە رۆڵانە زۆر پێویستن.



# بە زۆر دەیانەوێ ئابڕووی بەرن

دوای ئەوەی چەند وێنەیەکی جیهان راتب بە رووتی لە تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە، جیهان خۆی بەدوای بابەتەکەدا بوو و گەیشتە ئەو راستییە کە وێنەکان دروستکراوە و هی خۆی نین، بۆیە ئەویش وێنە راستەقینەکە و وێنە دروستکراوەکەی لە ماڵپەری تایبەتی خۆی بڵاوکردەوە بۆ دڵنیا بوونی جەماوەر.
دەربارەی هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە وێنانە جیهان دەڵێ: سێ هۆکار هەیە بۆ ئەم کارە، یەکەمیان ئەوەیە کەسانێك هەن دەیانەوێ زۆرترین کەس بۆ ماڵپەرەکانیان رابکێشن، دووەمیان ئەوەیە دەوڵەمەندێکی عەرەب داوای لێکردم تەنیا بۆ ماوەی نیو کاتژمێر لەگەڵی دانیشم لە بەرامبەر ئۆتۆمبیلێکی هامەر، بەڵام دوای ئەوەی رەتمکردەوە هەڕەشەی لێکردم، هۆکاری سێیەمیش ئەوەیە هەندێك لە رکابەرانم بە زۆر دەیانەوێ ئابڕووم بەرن.

# لەبەر چارەسەری دەروونی دوور دەکەوێتەوە



قسەکەرێك بەناوی گۆرانیبێژ و ئەکتەری ئەمریکی دیمۆ لۆڤاتۆ کە ئەندامە لە تیپی جۆناسان برازەر، رایگەیاند کە دیمی لە هەوڵی وەرگرتنی چارەسەر لە هەندێك بابەتی دەروونی و جەستەیی، هەر لەبەر ئەمەشە دیمی ناچار بوو کۆتایی بە گەشـــتەکەی بهێنێــت کە بە هاوڕێیەتی تیپەکەی بۆ ئەمریکای خوارووی ساز کرد بوو.

قسەکەرەکە ئەوەشی راگەیاند دیمی بڕیاریداوە خۆی بەرپرسیاریەتی خۆی هەڵبگرێت و یارمەتیش تەنیا لە کەسانی پسپۆر وەردەگرێت کە تایبەتن بەو جۆرە چارەســـەرە، بۆیـــەش داوای لە میدیاکان کـــردووە لەم کاتە ناســـکەدا رێز لـــە تایبەتمەندییەکانی بگرن و زۆریـــش دڵتەنگ بوو بەوەی کۆتایی بە گەشـــتە هونەرییەکەی خۆی هێنا.



# سەروەتەکەی ٣٢ ملیۆنە رۆژانەش پارە لە باوکی وەردەگرێ

کچـــە ئەکتەری بەریتانی ئیما واتســـۆن پاڵەوانی زنجیرە فیلمی (هاری پۆتەر) رایگەیاند کە ئێســـتا سەروەتەکەی دەگاتە زیاتر لە 32 ملیۆن دۆلار کەچی رۆژانە باوکی 12 دۆلاری پێ دەدات.

ئیما ئەوەشـــی راگەیاند کە بەهیچ شـــێوەیەك پێشبینی ئەوەی نەدەکرد ببێتە خاوەنی ئەم ســـەروەتە زەبەلاحە و هەمیشە باوکی پێی دەگوت کە دەبێ پشـــت بەخۆی ببەســـتێت، بۆیە تا تەمەنی 17 ساڵ پشتی بەو رۆژانەیە دەبەست ئێستاش باوکی هەمان رۆژانەی بۆ دادەنێت ئەگەر لێشی وەرنەگرێـــت، ئیما لە هەمان کات ئاماژەی بەو پێوەندییە بەهێزەدا کە لەگەڵ خێزانەکەی هەیەتی و تا ئێستاش بەردەوامە.



# شانازی بە کورد بوونی خۆیەوە دەکات

***رانیا کوردی لە دایکبووی وڵاتی ئوردنە ئەکتەر و گۆرانیبێژ و پێشکەشـــەکاری بەرنامەو لە هەمان کاتدا ژەنیاری گیتارە و شـــیعریش دەنووسێت و ئاوازیش دادەنێت، رانیا لە پەیوەندییەکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.***

*** حـــەز دەکەین کەمێك باس لە ژیانی خۆتمان بۆ بکەی؟**

- ژیانم هەمیشە بەو شێوەیەیە کە هیوام بۆی خواستووە (سوپاس بۆ خودا). بەشێوەیەکی زۆر باش کاتەکانـــم گونجاندووە لەنێوان خێزانەکەم و پیشەکەم و وەك هەر دایکێك کاتم لەگەڵ هەردوو منداڵەکەم بەسەر دەبەم (دەیانبەمە قوتابخانە و دەیانگەڕێنمـــەوە و دەیانگەیەنم بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیـــان و ســـەردانی هاوڕێیەکانیان وتـــاد...). پاشـــان هەموو رۆژێك هەڵدەســـتم بە پێشکەشـــکردنی بەرنامەکەم لـــە ئێزگە بە پێشکەشـــکردنی نوێترین گۆرانیی ئینگلیزی بـــۆ ماوەی 3 کاتژمێـــر، هەروەها کارمکردووە لە کاری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی تایبەت بە خـــۆم و پلانم هەیە بۆ ســـاڵانی داهاتوو کاری زیاتر بکەم لە نواندن و کارەکانی تەلەفزیۆنی.

وەك وەرزشـــیش یاریی «تایکوانـــدۆ» دەکەم لەگـــەڵ «کۆنترۆڵکردنی مێشـــك» کە بوونە هۆی ئەوەی ببمە هەڵگری پشتێنی رەش.

زۆربـــەی کاتەکانـــم لەگەڵ هاوســـەرەکەم و هاوڕێیان و خێزانەکەم بەسەر دەبەم و هەوڵ دەدەم لەزۆربەی چالاکییەکانی بواری میدیا ئامادەبم کە بۆیان بانگهێشت دەکرێم، هەروەها هەڵدەستم بە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی زۆربەی رووداوە گرنگ و گـــەورەکان کە لێـــرەدا روودەدات لە «ئوردن».

*** نازناوی تـــۆ (کوردی)یە دەکرێ بزانین ئەو نازناوە لە چییەوە هاتووە؟**

- نازنـــاوی بنەماڵەکەمـــان «کوردی»یـــە لەبەرئەوەی بە نەژاد لە نەتەوەی کوردین و دوو نەوە بەر لە ئێستا لە عێراق-ەوە هاتووینە، هەربۆیە ئێمە بـــە بنەماڵەی «کـــوردی» بەناوبانگین، بەڵام ناوی راستەقینەم «روشوانی»یە.

جگە لە ئێمە چەندیـــن کوردی تر لێرەدا هەیە، هەروەها لە ســـوریا و تورکیا و عێراق، هەســـت بە شـــانازی دەکەم کە بڵێم زۆربەی کوردەکانی ئێرە ســـەرکەوتوو و بەڕێزن لە هەڵســـوکەوت و کارەکانیان. زۆر هەست بە سەربەرزی و شانازی دەکەم کە کوردم لە کاتێکدا کە تاکو ئەمڕۆش نە زمانی کوردی دەزانم و نە بۆ جارێك ســـەردانی وڵاتەکـــەم کردووە، بەڵام هیوادارم رۆژێك بێت و سەردانی کوردستان بکەم لەبەرئەوەی هەستێکی بەهێزم هەیە بۆ رەگ و ریشەکەم.


***کی زیاتر رۆڵی هەبـــووە بە پەرەپێدانی ئەو توانا هونەریانەی کە لەناخی تۆدا بوون؟**

- دایك و باوکم بوون، هەر لە سەرەتاکانی تەمەنم هەســـتیان کرد حەزم لە گۆرانی وتن و نواندنە، هەربۆیە هاوکارم بوون لە ئاڕاســـتەکردنم لەسەر رێگەی دروســـت. کاتێك کە تەمەنم 9 ســـاڵ بوو وانەی فێرکردنم دەگووتەوە لەســـەر ئامێری «گیتـــار» و توانیم تیپێکی میوزیك پێکبهێنم، پاشـــان لە تەمەنی 11 ســـاڵیدا دەستم کرد بە کاری نواندن لە شانۆ. دواتر بەدوای ئەم خولیایە کەوتم و بۆ کۆلێژی دراما چووم و بەشێوەیەکی پڕۆفێشناڵانە لە «ئینگلتەرا» فێربووم. پێموایە سەرکەوتنەکانم پەیوەستن بە ئیرادە و پێداگرتن و هـــاوکات بەخت کە لەلایەن «خودای گەورە»وە پێم بەخشراوە و منی گەیاندە ئەمڕۆ.

***چۆن هەڵبژێـــردرای بۆ بەرنامەی ســـوپەر ســـتار و کاری خـــۆت لـــەم بەرنامەیە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- «سوپەرســـتار» ئەزموونێکی زۆر گرنگ و ئاسوودەبەخش بوو، بووە هۆی ناوبانگ دەکردنم بەشـــێوەیەکی خێرا و دروستبونی خۆشەویستی لەلایـــەن عەرەبەکانـــی هەمـــوو پارچەکانـــی جیهانەوە. زۆر خۆشـــحاڵم بووم بە بەشداریکردنم لەو بەرنامەیەدا، بەتایبەتی لەســـاڵی یەکەمی، لەساڵی 2002دا روویاندا کاتێك کە بۆ یەکەمین جار سەردانی لوبنان-م کرد بۆ مەبەستی ریکلام بۆ یەکەمیـــن ئەلبومم بەناوی «رانیا» لەگەڵ ڤیدیۆ کلیپەکەم «مابتزهئ»؟ لەو ماوە کورتەی کە لەوێدا بەســـەرم برد لە زۆربەی کەناڵەکاندا دەرکەوتـــم و پێش گەڕانەوەم کەناڵی ئاســـمانی «فیوچـــەر – Future» داوای لێکـــردم ئەگەر بتوانم بەرنامەیەکی نوێیان بۆ پێشکەش بکەم بەناوی (سوپەر ستار). پێشتر ئاگاداربووم کە ئـــەم بەرنامەیە نوێیە و لـــە «ئینگلتەڕا» زۆر ســـەرکەوتووە، هەربۆیە وتم «بەڵێ» و بۆ ماوەی 2 ســـاڵ گۆرانی وتنـــەوە و دەرکردنی ئەلبومی نوێم خســـتە لایەکەوە و بەشێوەیەکی چڕ هەموو هەوڵ و کات و تواناکانم خستەگەڕ بۆپاڵپشتیکردنی گۆرانیبێژە لاوەکان. رۆژ دوای رۆژ ئەم بەرنامەیەم خۆشویست.

*** ئەم بەرنامەیە کاریگەری سلبی یان ئیجابی**




**لەسەر تۆ هەبوو وەك هونەرمەند؟**

-وابزانم ئەو شـــتە بۆ ژیانی پیشەییم باش بوو، تەنانەت کــە بۆ ماوەیەك لە بـــواری گۆرانی وتن دووچاری ســـڕبوون بـــوو.. لەوانەیە ئەمە چارەنووسی من بێت لەوەی کە ناوبانگی زیاتر وەدەســـت بێنم. لەســـاڵی 2005دا ئەلبومی دووەمم بڵاوکردەوە و ســـوپاس بـــۆ خودا لە 3 گۆرانی ســـەرکەوتنێکی گەورەم وەدەســـتهێنا «شایف نەفسەك» و «ئوللی لێە» و «کلماتك کتیر».

*** زیاتر گرنگی بە کاروباری ماڵەوە دەدەیت یان بە کاری هونەری؟**

- هەردووکیـــان بۆ مـــن گرنگن، بەڵام من لەو راســـتییە بەئاگام کە خێزان بـــەردەوام دەبێت و دایکایەتی گرنگترین شـــتە لە جیهان. جەختم لەسەر ئەو لایەنە کردەوە کە پێش منداڵبوون زۆر کار بکەم و ناوبانگێك بۆ خۆم دروستبکەم، هەر بۆیە کاتێك منداڵەکانم بوو بە وشەیەکی پڕ واتا لەگەڵیـــان بووم، نەك دوور لە گەشـــتەکاندا لە چواردەورەی جیهان. من بەو بڕیارەم دڵخۆشـــم، ئێســـتاش کە منداڵەکانم گەورەتربوونە، ئامادەم دووبارە بگەڕێمەوە گۆڕەپانی هونەر.

*** ئـــەم گرنگیدانە هەڵقـــوڵاوی گرنگیدانتە بـــە ژیانی تایبەتـــی خـــۆت و دوور کەوتنەوە لـــەو گرفتانەی کە هەمیشـــە هونەرمەندان بە دەستییەوە دەناڵێنن؟**

- بـــەڕای من زۆر گرنگە مـــرۆڤ ژیانێکی ئاســـایی بەســـەر ببات لەنێو خێزان و دۆست و هاوڕێیان، بەڵام نەك ژیان تەنیا لەپێناو رووناکی و سەرسامکردنی هەواداران، ئەم ژیانە ژیانێکی راستەقینە نییە، لەبەر ئەوەی لەکۆتاییدا ئەو شتە روو لە نەمان دەکات و ون دەبێت و هونەرمەندەکە بە تەنیایی و ناخێکی بەتاڵ جێدەهێڵێت، هاوشێوە لەگەڵ ئەو شتانەی کە بەسەر زۆربەی ئەستێرە بەساڵاچووەکاندا روویداوە.

*** ئایا ئافرەت دوور لەوەی هونەرمەندە پێویستی بە ورووژاندنـــی بەرامبەر هەیە بۆ راکێشـــانی سەرنجیان؟**

- بـــەڕای مـــن ئەو شـــتە پێویســـت نییە، «جولیا پوترِس»یـــش گەورەترین نموونەیە وەك گۆرانیبێژێکی سەرکەوتوو بەبێ (ئیغرا). بەڵام کاتێك کە هونەرمەند لەڕووی بەهرە و لێهاتوویی کەم وکورتی دەبێ، هەوڵدەدات بە هەر شـــتێك و هەموو شتێك ئەو لایەنەی داپۆشێت.

***چی دەڵێی بۆ ئەوانەی دەڵێن ورووژاندن ئێستا بۆ هونەرمەندان پێویستە؟**

-وانییـــە، نە لێرە نە لە رۆژئاوا-ش، بەڵام ئەمە وادەکات خەڵکـــی تامەزۆری بن و پێویســـتیان پێی هەبێت. «تەیلۆر سویفت» گۆرانیبێژێکی زۆر بەرێـــز و شـــیرینە و کەســـێکی زۆر زۆر ســـەرکەوتووە، هاوشـــێوە لەگـــەڵ هەندێ لە گۆرانیبێژە عەرەبەکان، بۆ نموونە «شیرین».